# وتەیەک لە سەر سیاسەت



باس و لێکدانەوە و نووسین لە سەر سیاسەت، هەم پشووی درێژی دەوێ و هەم بۆ هەڵسانگاندنی هەموو لایەنەکانی سیاسەت، مەیدانێکی زۆربەرین پێویستە. نووسینی چەندڕستەیەک لە سەر سیاسەت مانای ئەوە ناگەیەنێ کە نووسەر دەتوانێ ئاکامی کارێک، پڕۆسەیەک، یان ڕووداوێک بداتە دەرێ و، ئیدی مەتڵەب کۆتایی پێدێ. ئەگەر نووسینێک لە ئەندازەی چەند ڕستە یا چەند لاپەڕ, لە بواروبابەتێکی ئاسایی دا، یارمەتی دەکا بە چوونە ناو کێشەکانی ئەو بواروبابەتەوە، نووسینێکی لەو چەشنە ، تەنیا درزێک دەدا بە دەرگای حەساری تێکۆشانی سیاسی. بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا واباشترە لە سەر سیاسەتیش بنووسرێ نەک دەست لە سەر دەست دابندرێ.

لە ماناکردنەوەیەکی سەرپێی دا، وشەی سیاسەت دوو لایەنی هەیە: لایەنێک لە لێکدانەوەی تێگڕایی بوارە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکا وهەڵگری نواندنی قودرەت، ئیدارە وئۆتۆریتەیە. لایەنێکی تریش لە سیاسەت هەیەکە ئیدارەی حیزبێک،گرووپێک یان بەشێک بە چەند کەسێکەوە، دەکا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستێک و گەیشتن بە ئاواتێکی سیاسی. واتە سیاسەت بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەت. بەشی ئاخری سیاسەت، بە پێچەوانەی بەشی یەکەم کە لە سیاسەتی ئیدارەی تاک و بنەماڵە و ژیانی هاوبەش و هێندێک وردە مەبەستی دیکە دا خۆی دەبینێتەوە، زیاتر دەخزێتە چوار چێوەیەکی تەسکترەوە. ئەم بەشە دەیەوێ دەسەڵات بۆ دابینکردنی "جیهان بینی" خۆی دابمەزرێنێ و، ئیشتیا، عەلاقە، هەوەس، فۆرمخوازی و بایەخ پێدان بە کارەکراوەکان لە کارێکتێرە بەرچاوەکانی ئەم بەشەیە.

پڕۆسەی سیاسی و سیاسەتکردن هەم سەرکەوتن وهەم شکەست لە گەڵ خۆی دەستەبەر دەکا، بۆیە دروستبوونی نەیار وخەبات بۆ وەدەستهێنانی قودرەتی سیاسی گرینگترین کێشەی ژیانی سیاسیی یە. باس لە سەر ئەوە کە ئەنجامدانی چ مەبەستێک بخرێتە بەرنامەی کارەوە و، باس لە سەر بەدەست هێنانی کۆنترۆڵ، هەر وەک گوتمان، دەتوانن ببنە زومرەی ئەم باسانە، کە ئیشتیاکاری وسەرەڕۆیی وکێشەی دەسەڵات دەخوڵقێنن.

بەڵام سیاسەت هەر ئەوە نییە. سیاسەت لێک تێگەیشتن وپێکگەیشتن وگوفتووگۆشە. ئەو کاتە هەمووان لە سیاسەت دا بەرەندە دەبن کە تاکەکان بتوانن خاڵە هاوبەشەکان بدۆزنەوەوبیکەنە بنەمای تێکۆشانیان. بە واتایەکی دیکە سیاسەتکردنێکی باش یانی پێکهێنانی ئەمنیەت، دیتنەوەی ڕێگا واقعییەکان وسینە فراوانی نیشاندان بۆ وەرگرتن وبەشدارکردنی بۆ چوونی دژەبەر. ئەگەر دەگوترێ سیاسەت لە سەر واقعیەت دامەزراوە، ئەوە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە ئەگەر ئەنجامی کار لە گەڵ ئیدەی تاقم

وگرووپێک یەکی نەگرتەوە  ئیدی ئەم تاقم وگرۆپە دەبێ فیدا بین ومەیدان بەدەر بکرێن. سیاسەتێکی واقیعبینانە ئەوەیە کە پرۆسەکەی بە دڵی من وتۆ، ئەم وئەو و، ئێمە وئەوان بێ! تەنیا لەو حاڵەتەش دایەکە لە نەهامەتی ورۆژی تاڵ دا، بەرپرسایەتی رووداوی نەویست و هەڵەکان دەکەوێتە سەر شانی هەمووان و بە تەنیا پشتی کەسێک یان دەسەڵات  بەدەستێک ناچەمێنێ.

سیاسەتمەدارە بە ئەزموونەکان بۆ بەهێندنەگرتن وپاساوهێنانەوە بۆرەدی مەبەستی سەرەوە دەڵێن، لە سیاسەت دا هاوکارییش هەیە، پێک هەڵپڕژانیش هەیە. ئەوە راستەو، رووداني ئەم دوو شتە ئینکار ناکرێن، بەڵام هاوکاریکردن کە مانای چاوپۆشینە ودڵ فراوانی لێ دەکەوێتەوە بەرهەمی باشتر دەدا تا پێکهەڵپرژان. ئەوە کە سیاسەتمەدارێک بە بە کارهێنانی مێتۆد وشێوەکاری خۆی سیاسەتمدارێکی دیکە وادار بە پاشەکشە یان بەئەنجامی کارێک بکا، بە بێ ئەوە، قانیعی بکا یا پێی خۆش بێ، ئەوە ئیجباری تێدا دەخوڵقێ وئیجباریش لە لایەک، ئاکامەکەی دیکتاتۆری یە و، لە لایەکی تریشەوە مانای لە پەراوێزخستن وبە هێند نەگرتنی بۆ چوونی بەرانبەرە.

زانستی سیاسەت رێگا دەدا کە رێگا هاوشێوەکانی پێکەوە سیاسەتکردن بدۆزرێنەوە ودەرەتان بۆ دروشمی : {بە هەمووومان، بۆ هەمووومان} بخوڵقێ. ئێستا کە لەم دەوروزەمانەیەدا زۆر باس لە مودێرنیتە ونوێ بوونەوە دەکرێ، دێتەوە بیرمان کە دیتنەوەی ئەو موکانیزمانە کە مەبەستەکان و واتای کێشەکان لێک گرێ دەدن و رێگایەکی شیاو بۆ لابردنی گرفتەکان دەگرنە بەر، کارێکی شایانی درێژەی ژیانی سیاسیی بە شێوەیەکی مودێرن وئەو رۆیی یە.

ئەزموون نیشانی داوە کە لە سیاسەت دا دەکرێ پرۆسەی کار بە سێ شێوە بەرێوە بچن:

شێوەی یەکەم، دیتنەوەی هۆیەکانی موکانیزمی باش پێکەوەکارکردن.

شێوەی دوویەم، بە کارهێنانی عەلاقە، هەوەس و"شگرد"ی کۆمەڵی هاوبیر بۆ کارکردن.

شێوەی سێیەم،دیتنەوەی مەوزوعی تازەبۆسەرگەرمکردن وگەشەکردنی رەوتی کاری گروپ وئۆرگان.

لێرەدا ئەم باسە دێتە گۆڕ کە دەتواندرێ هەرسێکی ئەم خاڵانە یان تێکەڵاوێک لە هەرکامەیان بکرێنە مێتۆدی بەرنامەی کار وبەرێوە ببرێن؟ وەڵام روونە و حاشاهەڵناگرێ، ئەو کاتە رۆژی روون وبەخت وئیقباڵ روو دەکاتە ئۆرگانێکی سیاسی کە بخوازێ وبیهەوێ، هەر سێکی ئەو بەشانە بە پێی کات وزەمان بەرێوەبەرێ.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە، زۆر خۆش دەبێ رۆژێک بێ وبکرێ لە مەیدانی تیکۆشانی سیاسی و سیاسەتی کورددا ئامارێکی روونی ،پشت ئەستوور بە مێژوورێگا چارەسەری، رووداوەمێژووییەکان،

کۆبەندی بکرێ. تا پاش لێکدانەوە بزانین خەباتی تا ئێستای گەلەکەمان چەند لە چەندی ئەم پرێنسیپانەی سەرەوەی پاراستووە؟

دیارە نەک هەر لە نێو کورددا، بەڵکە لە پرۆسەی خەباتی گەلانی تریشدا دیاری دەدا کە، سیاسەت زۆرتر پرسیاری بە ئامانجگەیاندنی عەلاقەکان وشەڕی دەسەڵاتە تا بەڕێوەبردنی ئەرک ووەزیفە وئەخلاقی دادپەروەرانە. ئاکامی ئەم کارەش ئەوەیە کە جیاوازی لە کارکردن وبەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تەپ وتۆزەکەی دەچێتە چاوی زەعیفەکانەوە وبێعەداڵەتیش لە وەڕا سەرچاوە دەگرێ.

هەر وەک باس کرا، سیاسەتیش وەک هەر زانستێکی تر مەیدانێگی بۆ خۆی هەیە، باشە ئەگەر ئەو مەیدانە لە لایەن دەسەڵاتدار یان ئۆتۆریتە بەدەستەوە تەنگەبەرکراوە. وڕێگا بە بەرەوپێشچوون وگەشانەوەی بۆچوونی جیا بیران نەدرا، باش وایە دەست لە سەر دەست دابندرێ وهیچ نەکرێ و بخرێیە پەڕاوێزەوە، یان پەنا بۆ ئەنجامی بڕیارێک ببردرێ کە لەو دا جیابیرانیش بتوانن ڕێگا وپرۆسەی کاریان پەرە پێ بدەن؟ جێی ئاماژە پێکردنەکە لە مەیدانی سیاسەتیشدا وەک مەیدانەکانی تر بۆوێنە مەیدانەکانی باس لە سەر خوێندن، باس لە سەر ئیدارەکردنی ئابووری شوێنێک، باس لە سەر درێژەی لێکۆڵینەوە لە سەر شتێک ئەگەررەوتی هاوکاریکردن بەربەست کرا وئومێد بە پێکەوەبوون نەما و هەموو لایەک کەوتنە کوێرکە ڕێگای بێ سەرەندەرکردن، هەنگاوی بوێرانە ئەوەیە کە بە جیا کار بکەی. بێگومان پێکەوەکارکردن زۆر باشترە لە لێکدابڕان بەڵام، لەو لاشەوە ئەو کاتە هۆیەکانی لێکدابڕان ئاشکراترو زەقتر دەبنەوەو ئومێد بە پێکەوەژیان نامێنێ، ڕێگایەک بە غەیری لێکدابڕان یان خۆبەدەستەوەدان بەدی ناکرێ. خۆبەدەستەوەدانیش قەت ولە هیچ دەوروزەمانێکدا بەدیلێکی گونجاو نەبووە بۆ پێشگرتن لە لێک دابڕان.

سیاسەتکردن لە گەڵ ئەوەدا کە هونەرە، موکانیزم وسیستیمیشە. سیاسەتکردنێکی خاوەن ئەخلاق، هەڵگری لێکدانەوە وهەڵسەنگاندنی سەرکەوتووانەی سیناریۆ یەک لە دوای یەکەکانی پرۆسەی کارە ئەنجامدراوەکانیشە.

مانای ئاکامی هەر لێکدابڕانێک ئەوەیە کە هونەر وسیستیم وموکانیسم یان بە کار نەهاتوون، یان گیراونەتە خزمەت ئامانجێکی نامەشروعەوە وخزمەتیان بە سەرەڕۆیی کردووە. بۆیە پێویستە پێش وپاش لێکدابڕانیش، لێکۆڵینەوە بکرێ کە بۆ سیاسەتی پێکەوە بوون سەرنەکەوت؟ بۆ لایەک بە سەر لایەک دا پاوانخوازی کرد؟ بۆ بەشێک، بەشەکەی دیکەی لە هەموو تێکۆشان وکارکردنێک دوور خستەوە؟ بە وانەشەوە مێژوو دەریدەخا کە پرۆسەی لێکدابڕانەکان تەنیا نارەزایەتی نێوخۆیی وشەڕی دەسەڵات نییە، بەڵکە زۆر جار ڕوودەدات کە هۆی ئەسڵی لێکدابرانەکان، لە لایەک سوننەتی بیرکردنەوەو، ڕاوەستانی رەوتی پێشچونە، ولە لایەکی ترەوە بەرەوپیری رەوتی نوێ ورێفۆرم هەنگاونانە.

کەوابوو ئەگەر لاوازی هونەری سیاسەتی ڕێبەریکردن ، بە کار نەهێنانی سیستیم وموکانیزمی باش و، وەپشت گوێ خستنی لێکدانەوەی سیناریۆکان دەبنە هۆیەکی ئەسڵی لێکدابڕان، خۆ نویکردنەوەو خۆ ڕزگار کردن لە پێوەند وسونەتە کۆنەکانیش، بۆ وێنە قوڵکردن وزیاتر خەستکردنەوەی داوایەکی بنەڕەتی وسیاسی قۆناغێکی خەبات،  هۆیەکی گرینگی دیکەیە بۆ لە بەر یەک بڵاوبوون.

لە گەڵ هەموو ئەوانەش دا، ، ئەوانەی پێیان وایە عەوداڵی نوێکردنەوەن و، دەتوانن خۆیان لە سەر دەمێکی نوێتردا پێناسە بکەن، دەبێ بە کردەوە بسەلمێنن کە خاوەنایەتی ئەو نوێکردنەوەیە دەکەن. ئەگەر هۆیەکانی لێکدابڕانەکان نەشاردراونەوە، دەبێ ئەو فاکتۆر وگرێبەست وڕێبازەش کە دەبنە هۆی پێشچوون و خۆ نوێکردنەوە  تەبلیغ بکرێن وپەیڕەویشیان لێبکرێ، دە نا، نا، ئاش هەمان ئاش و کاسە، هەمان کاسە!!

جەعفەر حامیدی

29ی خاکەلێوەی 2707ی کوردی